

# کرێکارانی شوشتنگەکانی هەولێر لە چ دۆخێکدان؟

**کرێکاران، ئەو توێژە بەرفراوانەی کۆمەڵی کوردەوارین کە هەمیشە بوونەتە سوتەمەنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، لە لایەن دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانیش بەردەوام چەوسێندراونەتەوە.**

**لەم بەسەر کردنەوەیە، کە تایبەتە بە کرێکارانی شوشتنگەکانی ئۆتۆمبێل لە هەولێر، بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە کرێکاران چەندە دەچەوسێنەوەو، دەزگا پەیوەندیدارەکان لە پاراستنی ژیان و بەرژەوەندی کرێکاران چەندە بێ ئاگایانە هەڵسوکەوت دەکەن. بەهەر حاڵ نامەوێ لێرەدا هیچ بڵێین چونکە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی گفتوگۆکاندا بۆخۆی هەست بە کۆمەڵێ مەینەتی دەکات، کە ڕەنگە قەڵەمەکەی من لە توانایدا نەبێ لێرە لە چەند دێڕێکدا دەریان ببڕێ.**

**بڕوا عوسمان**

هەر بۆ ئەم مەبەستە گەراجی شوشتنگەی (موفق)م بەسەر کردەوە، بەڵام کرێکارەکان ئامادە نەبوون قسە بکەن لەبەر خاوەن کار، کرێکارێک دەربارەی دائیرەی (ضمان) قسەی کرد و گوتی: دائیرەی (ضمان) دێتە ئێرە دەبێ زۆربەی زۆرمان خۆمان حەشاردەین، ئەگەر وا نەکەین خاوەن کار لەسەر کارمان لادەدات. لێم پرسی ئەم خۆ حەشاردانە بۆچی؟

لە وەڵامدا گوتی: تاوەکو پارەی زەمانەتی کرێکارەکان هەمووی وەرنەگرێت و، ئەم دائیرەیە وابزانێ کە ئەم گەراجە تەنیا سێ تا چوار کرێکاری لێیە.

سەردانی گەراجی شوشتنگەی (سۆرك)مان کرد کە ناسراوە بە (غسل مام نوری) خاوەن کار ناوی دڵزاری مام نورییە، داوامان لێکرد وەڵامی چەند پرسیارێکمان بداتەوە بەڵام ئامادە نەبوو، بەڵکو پێشی ناخۆش بوو. هەر لە هەمان گەراجدا ویستمان چەند پرسیارێك ئاراستەی کرێکارێك بکەین بە ناوی جەمال سەلمان بەڵام وا پێدەچوو لە ترسی خاوەن کار ئەویش ئامادە نەبوو وەڵام بداتەوە.

ڕەسوڵ قادر کرێکار- گەراجی شوشتنگەی میران:

+ ماوەی چەندە کرێکاری گەراجی شوشتنگەی؟

- ماوەی 15 ساڵ دەبێت هەر لەم گەراجە کاردەکەم.

+ ڕۆژانەت چەندە؟

- پانزە دینار؟

+ هیچ کێشەیەکت نەبووە لەگەڵ خاوەن کاردا؟

- هیچ کێشەیەکم نەبووە، خاوەن کار لەگەڵ من باشە.

+ کاتی کارکردنت چەندە؟

- لە کاتژمێر حەوتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە جاری واش هەیە درەنگتر دەڕۆینەوە.

+ کاتەکەتان زۆر نییە؟

-کاتێکی زۆرە، بەبێ پشوودان لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەبێ کاربکەین.

+ خێزانداری؟

- بەڵێ خێزاندارم.

+ کرێیەکەت بەشی بژێوی ڕۆژانەت دەکات؟

-دەتوانم بڵێم ژیانمان مام ناوەندییە چونکە کرێچی نیم ئەگەر کرێچی بام ئەوا ئاستی ژیانم باش نەدەبوو.

+ تەندروستی و (ضمان الاجتماعی) سەردانتان دەکەن؟

- سەردانمان دەکەن بەڵام هیچمان بۆ ناکەن. بۆ نموونە ئەگەر من، کە ماوەی (15) ساڵە کرێکارم و ناوم لە (ضمان) هەیە، ئەگەر واز لە کار بێنم و لە گەراج نەمێنم ئەوا بچم پارەکەم وەربگرمەوە، ئەگەر نزیکەی 1000 دینارم بدەنێ ئەویش بە مەرجێك دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك وازم لە کرێکاری گەراج هێنابێت.

+ دەتانەوێ (تەندروستی و ضمان) چیتان بۆ بکەن؟

- دەمانەوێ (صحە) چاودێری (صحی) لەسەر گەراجەکان دابنێ، کە جلد و پێڵاوی تایبەتی کار دابین بکرێ کاتی کارکردنیش کەم بکرێتەوە.

ك-س کرێکار (غسل میران):

+ ماوەی چەندە کرێکاری؟

- نزیکەی چوار ساڵ دەبێ کرێکارم بەڵام لەپاڵ کرێکاریش قوتابیم چونکە باری گوزەرانی ژیانم ناسوڕێ ئەگەر تەنها قوتابی بم.

+ پلەی خوێندنت چەندە؟

- لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێرم بەشی شێوەکاری. قۆناغی چوارەم.

+ ئایا کرێکاری نابێتە ڕێگر لەبەردەم کاری هونەری و خوێندنت؟

- ئێمە وەکو قوتابی هونەرە جوانەکان لە دەزگایەکی هونەری کار دەکەین کە دەزگایەکە جۆری خوێندنەکەی ناسك و جوانە، بەڵام ئەم ناسك و جوانییە لەگەڵ ئێرە زۆر لێك جیاوازە، چونکە لە جیهانێکی هونەرییەوە دێینە جیهانێکی ترەوە، بە ڕاستی لای من زۆر ناخۆشە، کارەکە هەرچەندە سوکیش بێت، بەڵام من لێرە کارم زۆر گرانە. من وەك قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەگەر دەرفەتم نەبێت کاری هونەری ئەنجام بدەم لەوانەیە لە دەروونەوە بەرامبەر هونەرەکەم شکست بێنم چونکە باشترین کات پشووی هاوینە کە بتوانم پرۆڤە بکەم یان کاری هونەری ئەنجام بدەم بەڵام بەداخەوە نەبوونی و هەژاری ڕێگام پێ نادات کاری هونەری بکەم دەبێت وەك کرێکارێك لەپێناو ناندا بە بڕە پارەیەکی کەم کار بکەم.

+ کاتی پشوودانتان هەیە؟ ئەگەر هەیە ئەو ڕۆژە کرێیەکەتان بۆ حیسابە؟

- کاتی پشوودانمان نییە، ڕۆژی پشوومان هەیە بەڵام کرێمان بۆ حیساب ناکرێ، بۆ نموونە ئەگەر کرێکارێك ڕۆژێك نەیێتە کار پارەی ئەو ڕۆژەی نادەنێ هەرچەندە کرێکاری هەمیشەییش بێ.

ئەحمەد ئیسماعیل- کرێکار گەراجی شوشتنگەی (میران):

+ بەر لەم گەراجە لە گەراجی تر کارت کردووە؟

- لە گەراجێکی تریش کارم کردووە.

+ بۆچی بەجێت هێشتووە؟

- چونکە کرێیەکەم کەم بوو.

+ کێشەت نەبوو لەگەڵ خاوەن کار؟

- کێشەم هەبوو چونکە کرێی کەم داومەتێ.

+ جلك و بەرگی تایبەتی کارکردنتان هەیە؟

- نەخێر بە جلی ئاسایی خۆمانەوە کاردەکەین.

سیامەند خۆشەوی- کرێکار گەراجی شوشتنگەی میران:

+ تەمەنت چەند ساڵە؟

- 13 ساڵ.

+ دەچیتە قوتابخانە؟

- بەڵێ پۆلی شەشەم بووم بە سەرکەوتوویی دەرچووم، بەڵام ئێستا پشووی هاوینە و کرێکاری دەکەم بۆ ئەوەی بۆ ساڵی داهاتوو بتوانم بە سەربەرزی بچمەوە قوتابخانەو پارەی جل و بەرگ دابین بکەم.

+ لە ماڵەوە یارمەتیت نادەن؟

- بە زیادەوە یارمەتیم دەدەن بەڵام خۆم پێم خۆشە کاربکەم.

+ دایك و باوکت ماون؟

- نە دایکم ماوە نە باوك، لای مامم ژیان بەسەر دەبەم.

+ کرێی ڕۆژانەت چەندە؟

- لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە بە (10) دینار ڕۆژانە و (5) دینار بەخشیش کاردەکەم.

بەشدار محەمەد- کرێکار لە گەراجی شوشتنگەی کەمال:

+ هۆی نەبوونی جل و بەرگی تایبەتی کارکردنەوە تا ئێستا تووشی کێشە نەبووی؟

- تووشی نەخۆشی هاتووم هەست دەکەم ئازارم هەیە.

+ بۆچی داواتان لە خاوەنی کار نەکردووە جل و بەرگی کارتان بۆ دابین بکات؟

- داواشی لێبکەین بۆمان دابین ناکات.

+ ئایا خاوەن کار بە ئارەزووی خۆی کرێکار دادەمەزرێنێ و لەسەر کاری لادەدا؟

- بە ئارەزووی خۆیەتی پێی خۆش بێ دادەمەزرێنێ، پێی ناخۆش بێ لایدەدات.

+ داوات چییە؟

- داواکارم کاتی کارکردن کەم بکرێتەوە.

ر - م کرێکار لە گەراجی شوستنگەی (کەمال)

+ کار لێرە چۆنە و ماوەی کارکردن چەندە؟

- داوای لێبوردن دەکەم من هیچ قسەیە ناکەم، چونکە دەنگمان بە هیچ شوێنێك ناگات بەڵام بە تەنها ئەوە دەڵێم کە (دائیرەی ضمان و تەندروستی) دێنە ئێرە دەبێ کرێکاران خۆیان بشارنەوە، بە ئەمری خاوەن کار تاوەکو پارەی (چمان)ی هەموو کرێکاران وەرنەگرن و دائیرەی (ضمان و تەندروستی)ش لە جیاتی کرێکاران تەوقیع دەکەن.

جەلال ئەحمەد- خاوەنی شوشتنگەی خانزاد:

+ کاك جەلال کار هەیە لە گەراجەکەتان؟

- نەخێر کارمان زۆر لاوازە لەبەرئەوەی کارەبامان نییە بە مولیدە کار دەکەین ئەویش بە گران ڕادەوەستێ لەسەر ئێمە.

+ کرێکاران کرێی دیاریکراویان هەیە، ئایا لە کرێیەکەیان کەم کردن و زیادبوون هەیە؟

- بە گوێرەی کارەکە، ئەگەر کارمان باش بێ ئێمەش کرێیان بۆ زیاد دەکەین ئەگەر کار لاواز بێ و نەبێ ئەوا کرێی ڕۆژانەیان کەم دەکرێتەوە.

+ لە چەندەوە بۆ چەند کەم دەکرێ یان زیاد دەکرێ؟

- ئەگەر کار هەبێ ڕۆژانەیان (15) دینار دەبێ، ئەگەر بێ کاریش بێن (10) دینار کرێی ڕۆژانەیان دەبێ.

+ دامەزراندن و لەسەر کار لابردن بە ئارەزووی خۆتانە؟

- بەڵێ بە ئارەزووی خۆمانە ئەگەر کار هەبێ کرێکار دادەمەزرێنین ئەگەر کاریشمان نەبێ ئەوا ناچارین کرێکار لەسەر کار لادەین.

لە گەراجی شوشتنگەی خانزاد چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرێکارێك کرد بەناوی- موشیر:

+ ماوەی چەند ساڵە کرێکاری شوشتنگەی ئۆتۆمبێلی؟

- ماوەی پێنج ساڵ دەبێ.

+ لە یەك گەراج یان لە گەراجی تریش کارت کردووە؟

- لە گەراجی تریش کارم کردووە.

+ بۆچی ئەوانی ترت بەجێ هێشتووە؟

- لەبەر ئەوەی هەستم بە ماندووبوون و چەوساندنەوە دەکرد.

+ ئایا کێشەی کرێت نەبووە لەگەڵ خاوەن کار؟

- نەخێر هیچ کێشەیەکم نەبووە چونکە خاوەن کار دەڵێ من لەوەندە کرێ زیاتر نادەم.

+ خێزانداری؟

- بەڵێ خێزاندارم و ژنیشم هێناوە بژێوی ژیانیشم خراپە، چونکە ئەو کرێیەی وەریدەگرم بەشم ناکات کرێیەکەشم لە پانزە دینار تا بیست دینارە بە بەخشیشەوە.

مام ڕەئووف لە گەراجی شوشتنگەی خانزاد:

+ مام ڕەئووف تەمەنت چەندە؟

- نزیکەی حەفتا ساڵ دەبێ.

+ بۆ ماوەی چەند ساڵە کرێکاری شوشتنگەی؟

- بۆ ماوەی دوانزە ساڵە لەم گەراجە پاسەوانم و کرێکاریش دەکەم.

+ ئایا خێزانداری، ئەگەر خێزانداری بژێوی ژیانتان چۆنە؟

- بەڵێ خێزاندارم نزیکەی (10) منداڵم هەیە بژێوی ژیانیشمان خراپە.

+ دەتوانی پێمان بڵێی کرێی ڕۆژانەت چەندە؟

- ڕۆژانە (10) دینار وەردەگرم بەرامبەر بە کرێکاری بۆ پاسەوانیش مانگی دووسەد دینار وەردەگرم.

+ ئایا تاکو ئێستا ناسنامەی سەندیکات هەیە؟

- نەخێر ناسنامەم نییە تا ئێستاش سەندیکای کرێکاران سەردانی نەکردووین.

+ فەرمانگەی تەندروستی و (ضمان اجتماعی) سەردانتان دەکەن؟

- بەڵێ سەردانمان دەکەن، بەڵام بۆ کاری خۆیان دێن پارە وەردەگرن و تەواو، لە ئێمەش ناپرسن ئاخۆ چیمان پێویستە.

دڵزار وریا بابەشێخ -کرێکار لە گەراجی شوشتنگەی سندیباد:

+ ماوەی چەندە کرێکاری شوشتنگەی؟

- ماوەی چوار ساڵ، زیاتریش لەم گەراجە کارم کردووە.

+ فەرمانگەی تەندروستی و (ضمان الاجتماعي) سەردانتان دەکەن؟

- بەڵێ سەردانمان دەکەن زۆر سوپاسیان دەکەین داواکاریەکانمان جێبەجێ دەکەن.

+ تا ئێستا چییان بۆ جیبەجێ کردوون کە شایانی باسکردن بێ؟

- هیچیان جێبەجێ نەکردووە تەنها بەڵێنیان پێداوین.

+ کاتی کارکردن لەم گەراجە لە چەند بۆ چەندە؟

- لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە.

+ ئایا ڕۆژی پشوودانتان هەیە؟

- بەڵێ تەنها یەك دانە ڕۆژ کە هەینییە.

+ داواکاریتان چییە؟

- هیوادارم کاتی کارکردن کەم بکرێتەوە نەوەك سێزدە کاتژمێر کار بکەین.

ف- ع کرێکاری گەراجی شوشتنگەی سندیباد:

+ ماوەی چەندە لێرە کرێکاری؟

- ماوەی سێ مانگە.

+ پێشتر چ کارێکت دەکرد؟

- پێش ئەوەی بێمە ئەو گەراجە کرێکاری بکەم، قوتابی پەیمانگای پزیشکی بووم، خوێندنم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و (تخرج)م کرد. بەڵام دامەزراندن نییە تاوەکو لە بواری تایبەتی خۆم وەك (معاون طبي) دابمەزرێم. ئێمە کە دەرچووین لە پەیمانگای پزیشکی بۆ ئەوەی کە لە جێگایەك دابمەزرێین، تاوەکو بتوانین بەو پیشەیەی خۆمان خزمەتی گەل و وڵاتمان بکەین، بەڵام بە داخەوە دامەزراندن نییە بۆیە ناچارم لەبەر نەبوونی و بژێوی ژیانم ڕووبکەمە کرێکاری و ئۆتۆمبێل بشۆم.

+ ڕۆژانەت چەندە لێرە؟

- من لێرە بە مانگانە کاردەکەم مانگی بە (300) دینار ڕۆژی دەکاتە (10) دینار.

+ ئایا ئەم کرێیە بەپێی پێویستە واتە بەرامبەرە بە کارکردنەکەت؟

- نەخێر لە هەموو لایەنێکەوە دەچەوسێینەوە، خاوەن کار ئەو بڕە پارەیەمان دەداتێ وادەزانێ هەموو ماڵەکەی داوەتە ئێمەی کرێکار.

+ کاتی کارکردنت چەندە؟

- لە کاتژمێر (7)ی بەیانی تا (7)ی ئێوارە.

+ ئەگەر نەخۆش بکەون یان کارێکی تایبەتتان هەبێت ئەو ڕۆژە نەیەنە سەر کار ڕۆژانەی ئەو ڕۆژەتان بۆ حیسابە؟

- نەخێر بۆمان حیساب ناکات.

+ خێزانداری؟

- نەخێر خێزاندارنیم من ژنم نەهێناوە، بەڵام من لە تۆ دەپرسم بەچی ژن بێنم بە (10) دیناری کرێی ڕۆژانە؟

+ ئایا تا ئێستا سەندیکای کرێکاران یان فەرمانگەی تەندروستی یان (ضمان الاجتماعي) سەردانی کردوون؟

- سەردانیان کردووین، بەڵام دێن ئێمە لەلای خاوەن کار کۆدەکەنەوە پێمان دەڵێن کێشەکەتان چییە، ناکرێ ئێمەش لای خاوەن کار کێشەکانیان بۆ باس بکەین، چونکە لەدوای وان خاوەن کار تووڕە دەبێ و بۆی هەیە لەسەر کارمان لادات.

+ لە ڕووی تەندروستییەوە کە لە ناو ئاوو گازو ڕۆن و بەنزین و تایت و ئەم ماددە کیمیاوییانەدان بە جلك و بەرگی ئاسایی کاردەکەن تووشی نەخۆشی نابن؟

- زۆرمان تووشی (حساسیە) بووینە بۆی هەیە لە نزیکەوەش تووشی نەخۆشی ڕۆماتیزم ببین چەندەها میکرۆب هەیە چوویتە ژێر پێستمان چونکە کرێکاران بە پێ خواسی لەناو گەراجەکە دێن و دەچن و کاردەکەن بۆی هەیە تووشی نەخۆشی (فطریات)یش بووبین لەوانەیە تووشی سەدان نەخۆشیش بین.

+ داواتان لە خاوەن کار نەکردووە جلك و بەرگی کارتان بۆ دابین بکات؟

- ئێمە داوای چی لێبکەین ئەو (10) دیناری پێ زۆربێ کرێمان بداتێ چۆن ئامادە دەبێ جلك و بەرگی کارمان بۆ دابین بکات.

هەژار یاسین قادر کرێکار لە گەراجی شوشتنگەی سندیباد گوتی:

- تا شەشەمی سەرەتاییم خوێندووە، بەڵام لەبەر نەبوونی و هەژاری لە خوێندن دابڕام.

+ ئەو کرێیەی وەریدەگری پێی بەڕێوەدەچن؟

- نەخێر ئەو بڕە پارەیەی کە لێرە وەریدەگرم بەشی ئەوە ناکات کە خێزانێکی پێ بژێێت چونکە کرێیەکەم مانگێ چوارسەد دینارە ئەویش ڕۆژێ پێنج دینار بۆ کرێی هاتووچۆ پێنج دیناریش بۆ نان خواردن مەبلەغێکی زۆر کەمم بۆ دەمێنێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی بێکارییە ناتوانم بەجێی بێڵم.

+ خێزانداری؟

- نەخێر لەگەڵ باوکم دام بەڵام ژنم مارەکردووە بە داخەوە کەس یارمەتیم نادات پارەشم نییە پێی بگوازمەوە.

+ خاوەن کار یارمەتیت نادات؟

- نەخێر.

+ شوفێرەکان مامەڵەیان چۆنە لەگەڵتان؟

- شوفێر هەیە باشە، شوفێری واش هەیە خراپە بە چاوێکی سوك سەیرمان دەکات.

+ سەندیکای کرێکاران سەردانیان کردوون؟

- بەڵێ جارێك هاتن گوتیان ناوتان دەنووسین ناسنامەتان بۆ دروست دەکەین بەڵام ناسنامەیان بۆ دروست نەکردین.

+ بۆچی دروستیان نەکرد؟

- لەبەر ئەوەی پارەی تێدەچوو ناسنامە بە (30) دینارە خاوەن کاریش ئامادە نەبوو لە بری هەر ناسنامەیەك (30) دینار بدات.

+ ئایا کارەکەتان چۆن بەڕێوەدەچێ؟

- ڕۆژ دەزانێ ڕۆژی وا هەیە بێ کارین خاوەن کار کاری دیکەمان پێ دەکات کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە ئەتوانم بڵێم تەنها بۆ ئەوەیەتی کە ئێمە ڕانەوەستین و پشوو نەدەین.

+ کرێکار دامەزراندن و لەسەر کار لابردن بەدەست خاوەن کارە؟

- بەڵێ ئەوەی عەقڵی نەیگرێ لەسەر کاری لایدەبات و دەریدەکات لە گەراج.

## داواکاریەك لە خانەنشینانی حکومەتی هەرێم

ئێمە کە کۆمەڵێك خانەنشین و دانیشتوی شاری هەولێرین لەساڵی 1994-1995 لە دەرەنجامی شەری نێوەخۆ و ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان داهات موچەی (13) ە مانگمان نەدراوەتێ بۆ ئەم مەسەلەیەش لە سەردەمی هەردوو کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی دەزگا بەرپرس و پەیوەندی دارەکانمان کردووە ئەگەر چی بەڵێنیان پێ داوین کە موچەی ئەم (13)ە مانگەمان بۆ بگێڕنەوە بەلام تاکو ئێستا جێ بە جێ نەکراوە بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوبەرایەتی خانەنشین دەکەین کە داواکاریەکەمان جێ بە جێ بکەن و مووچەی براوی ئەم(13)ە مانگەمان بۆ بگێڕنەوە .

1-سابیر عەزیز عەبدوڵڵا
2-ئەحمەد نادر حسێن
3-ئیسماعیل حسێن
4-قادر محەمەد عەبدوڵڵا
5-سلێمان محەمەد وەیسی
6-سلێمان حەمەد وسو

لە جیاتی خانەنشینانی حکومەتی هەرێم

## کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی
## داواکاری بۆ بەردەم شارەوانی هەولێر

ئێمە کۆمەڵێك لەو ماڵانەی کە لەم یاداشتە ناومان هاتووە شەقامەکانی بەردەم ماڵەکانمان کە دەکەوێتە چەقی بازاڕ و نزیکی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان بەهۆی هەڵکەندنی شەقامە کۆنەکان و دروست کردنی ئاوەڕۆ تەواوی شەقامەکان تێکچووە و هاتووچۆی لەسەر ناکرێت ، کەچی پێویست بوو کاتێك ئاوەڕۆ تەواو دەبێت شەقامەکان قیرتاو بکرێن ، کەچی وەکو خۆی ماوەتەوە . سەرەڕای ئەوەی ئێمە سەردانی تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە و ڕەزامەندیمان وەرگرتووە ، دەپرسین ئایا بۆ چی داواکاریەکانمان جێ بە جێ ناکرێت و کاری ئەمڕۆ دەخرێتە سبەی.

**چاودێرێك**

